The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# بەڕێزان لە پارتی دیموکراتی کوردستان - کۆڵن , ئاڵمانیا

ئەمڕۆ 3-3-2006 لە نوێنەری چاك لە کۆڵنەوە هەواڵمان پێگەیشت , کە ئێوەی بەڕێز ڕێگرن لەبەردەم ئەوەی لە یادی کارەساتی هەڵەبجە لە شاری کۆڵن ناوەندی چاك وەك ڕێزگرتنێك لە هەوڵ و کۆششەکانی لەو خزمەتە مەزنەی پێشکەش بە دژی جینۆسایدیکردووە ڕونکردنەوەی تایبەتی خۆی بخوێنێتەوە لەسەر کارو چالاکییەکانی , ئەمە لە کاتێکدا 6 لایەنی دیکەی بەڕێز ( ینك - حدکا - ك ش ز ك - ماڵی کوردی ئەڵمانی - کۆمەڵەی کولتوری - کۆمەڵە کوردیەکانی ئەڵمانیا ) بەوە ڕازی بوونە , پێشتریش ئامادەکەرانی یاداوەرییەکە بۆخۆیان ئەو داخوازەیان لە چاك کردووە .

ئێمە باوەڕمان بەهێزە بە دروشمی هەموومان لە ژێر جامانەکەی عومەر خاوەر کۆببینەوە , بۆیە لەم یادە نەتەوەییانە نە کەس بایکۆت دەکەین , نە ڕێگەش دەدەین کەسی دی بایکۆتمان بکات و بە پەراوێزمان بکات , کارەکانمان بۆ دژی جینۆساید گەواهی ئەوە دەدەن کەس ناتوانێت پەراوێزمان بکات .

هیوادارین چاوێك بە هەڵوێستەکەتاندا بخشێننەوە , یادی هەڵەبجە تێکەڵ بە هەڵوێستەکانی پێشتری چاك نەکرێت , ئێمە نەك هیچ هەڵوێستێکی نێگەتیفی پێشوەختمان لە بەرامبەر ئێوە نییە , بەڵکە لەسەر بنچینەی ڕەفتاری لایەنەکان هەڵوێست وەردەگرین , نەك پێشوەخت دژیان بین .

بۆیە داوا دەکەین چاوێك بە هەڵوێستەکەتانا بخشێننەوە , با هەموومان بە یەکسانی لەژێر جامانەکەی عومەر خاوەر کۆببینەوە .

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد-چاك**

**www.chak.info**